# کام سەرکەوتن؟

**مەهاباد کوردی، ستۆکهۆڵم ٣-١-٢٠٠٣**
mehabadk@hotmail.com



من خۆم بە بەردەوامی سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەم. دیارە بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەو بەرنامانە سەرنجی من ڕادەکێشن کە گرێدراون بە ڕەوشی سیاسیی کوردستان و هەواڵەکانی ناوچەکە و هەندێ مەسەلەی تایبەتی تریش. ئەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییە حیزبییانە چ دەڵێن و چ ناڵێن، ئەمەیان بابەتێکی دیکەیە و هەمووشمان کەم تا زۆر لەم کارەیان بەئاگاین.

تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢، هەروەک جاری جاران گوێم بۆ هەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات شل کردبوو. ئەو کچە ژیکەڵەیەی کە هەواڵەکانی دەخوێندەوە، بە یەکەمین هەواڵی گرنگ سەرنجی من و بینەرانی بۆ خۆی ڕاکێشا: **دوای گەشتێکی سەرکەوتووی بۆ ئەوروپا، ئەمڕۆ مام جەلال گەڕایەوە بۆ کوردستان**. جارێ پێش هەر شتێک من بە قەدەر سەرەدەرزییەک گلەیی و گازاندە لەم کچە کوردە ناکەم، چونکە هەواڵێکی وا دەخوێنێتەوە. ئەو وەک کارمەندێک لەم کەناڵە تەلەفزیۆنییەدا کار دەکات و بێگومان پارە وەردەگرێت و کێ ناڵێ حیزبییشە؟ دیارە مرۆڤیش ئازادە لە هەڵبژاردنی شوێنی کاری خۆی و هزر و بیرکردنەوەیدا. پرسیارەکەی من زۆر بە کورتی و بە تەنیا دوو وشە بەم جۆرەیە: کام سەرکەوتن؟

وەرامدانەوەی ئەم پرسیارەی سەرەوە کارێکی ئەوەندە دژوار نییە کە نەتوانین خۆ لە قەرەی بدەین. لە دەستپێکدا دەبێ ئەوە بڵێم سەرانی کورد، بە تایبەتی جەلال تاڵەبانی، کە دێنە دەرەوە هەر مەپرسە چ دەڵێن و چۆن قسان بە با دەدەن. جەلال تاڵەبانی هەر کە کوردستان بەجێ دێڵێ، من وەک کوردێک یەکسەر خەم دامدەگرێ و هەراسان و پەرێشان دەبم. لەبەرچی؟ چونکە: زۆر بە داخەوە تا هەنووکە، ئەوە بۆ ١٥ ساڵ دەچێ لەم ئەوروپایەم، ئێستاشی دەگەڵدا بێ نەک هەر سەردانێکی سەرکەوتووی سەرانی کوردی بێ دەوڵەتم وەبەر چاو نەکەوتووە و بەس، بگرە هاتنی ئەوان خۆی لە خۆیدا مایەی بنپێکردنی داوا ڕەواکانی کوردان و بگرە تا ڕاددەیەک سەرشۆڕی و حەیاچوونی کوردانیشی تێدا بووە. حەیاچوون بە مانای ئەم ڕستە سواو و بەکارهاتوو و هەمیشە لەسەر زارانەی سەرانی کورد: **کورد دەوڵەتی ناوێ، کورد نایەوێ عێراق پارچە پارچە بکات، بە گوڵ پێشوازی لە سوپای تورک دەکەین، عێراق وڵاتی خۆمانە، ئێمە عێراقین، کوردی دەرەوە کەسانێکی بێکار و بەکرێگیرا و و هیچ لە دەست نەهاتوون و زۆری تریش**. جا نازانم ئەم جۆرە سەردانانە چ خێرێکیان بۆ کورد تێدا هەیە و دەبێ؟!

کوردسات کە هەروەک کوردستان تیڤی و میدیا تیڤی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی حیزبیی ڕەق و تەقە، گەلێ ئاساییە کە دوا گەشتەکەی جەلال تاڵەبانی بە گەشتێکی سەرکەوتوو بزانێت و باسیشی بکات. من ناڵێم کارمەندانی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییانە ئاگایان لە باس و هەواڵەکان نییە و لەمەڕ سەردانەکانی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و کەسانێکی دیکە بۆ ئەوروپا ئاگادار نین. ئاشکرایە کەسانێک کە لەم جۆرە دام و دەزگا حیزبییانەدا کار بکەن، هەر ئەوەندەیان ڕێ پێ دەدرێ یان لە دەست دێ، کە تا هەنووکە ئەنجامیان داوە. ئەوان خۆشییان بێ یا ترشی، بەر لەوەی هەواڵخوێنەرەوەی نەتەوە و نیشتمان بن، هەواڵی تایبەت بە حیزبەکان و بەرژەوەندییە حیزبییە تەسک و تریسکەکان دەخوێننەوە. ئەمە ڕاستییەکە وەک ڕۆژی ڕووناکی کوردستان دەدرەوشێتەوە.

www.kurdistannet.org
3-1-2003 14:10

جەلال تاڵەبانی کە لە کویێت بوو داکۆکی لە جەللادێکی کوردکوژی وەک خەزرەجی کرد. بە هۆی قسەکانیشی یەک دنیا ڕەخنەی توند و تیژی پێ برا. ناوبراو هێشتا لە شام بوو، بە شان و باڵی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و پارتەکەی ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی هەڵ دەدا و بە **<u>شۆڕشی سپی</u>** ناوزەدی دەکردن. هەر کە هاتە تورکیاش، وەک هەمیشە، بە ڕووی خۆش و خەندە و پێکەنینی بێتامەوە، کەرکووکی کوردانی بە موڵکی گشت ڕۆڵەکانی عێراق زانی و بەرەی بەناو تورکمانی تۆرانی و سەنعان ئاغای بە دۆست و پشت و پەنا دانا و هاتنی سوپای تورکیای داگیرکەریشی بۆ نێو خاکی باشووری کوردستان پێ کارێکی ئاسایی بوو. بێجگە لە چەندین قسەی بێ بەڵگە و ناوەڕۆکی تریش کە لە تورکیادا بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە کردوونی. ئەم قسانەی تاڵەبانی لە سەرشۆڕی زیاتر چی دیکەی بۆ خودی تاڵەبانی و سەرانی یەکێتی و سووکایەتیکردن بە کورد و شەهیدان و قوربانییەکانی ئەم گەلە نەهێناوە. خۆ ئەگەر باسی شرە کۆنگرەکەی لەندەنیش بکەین، ڕەنگە جەلال تاڵەبانی لە هەر کەسێکی دیکە باری شرتر بێ. لەو کۆنگرەیەدا کورد نەک هەر تەنازولی کرد، بگرە بە دەستی خۆی جەللادانی خوێنمژ و ئەنفالچییانی نموونەی وەفیق سامەڕائی هێنا ناو کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی کۆنگرەکەوە. هەروەها هێنانی کەسێکی وەک مەشعان جەبووری بۆ ناو کۆنگرەکە و بە هیچ شێوەیەکیش باسنەکردنی کوردستانیەتی ناسنامەی شاری کەرکووکی کوردستان. خودی جەلال تاڵەبانی لەو کۆنگرەیەدا چەند بۆکسێکی وەبەر کەوت. کابرای بۆکسوەشێنیش فایەقی شێخ عەلی بوو کە باوکی تورکمانە و دایکیشی ئێرانییە. لێرەدا دیسان پرسیارێکی زۆر سادە دێتە پێشەوە: تۆ بڵێی ئەم جۆرە سەردان و کۆنگرە و فشەهەڵوێست و تەنازولە بێ مانایانە، بۆ کورد و کوردستان، بە سەرکەوتن بژمێردرێن؟! وەرامی ئەم پرسیارەش لای هەر کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف و خەمخۆر ڕوون و ئاشکرایە.

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە ماوە بڵێم: عێراقچێتی و خۆبەستنەوە بە پایتەختی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، قەت چ خێرێکیان بۆ خودی سەرانی کورد و تەواوی نەتەوەکەش نەبووە و ناشبێ!

تێبینی: بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لە ماڵپەڕ و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و جیهانی وەرگیراوە.